


"کوردین... ئێمە کوردین تاکو
دەمرین هەر کوردین...

## ڤیستیڤاڵی نۆیەمی گەلاوێژ

## سلێمانی ژوانی هۆگرانی پەیڤی ئازادە

لە رۆژانی ٢١ ـ ٢٠٠٥/١١/٢٦ بنکەی ئەدەبیو رووناکبیری گەلاوێژ ڤیستیڤاڵی نۆیەمی سازدا، ڤیستیڤاڵی ئەمساڵ بەوە جیادەکرایەوە کە ژمارەیەکی زۆرتر و هەمەرەنگتر بەشداریان تیا کردبوو، چەندین نووسەری کورد و عەربو فارسی بەرهەمیان پێشکەشکرد، هاوکات لەگەڵ کردنەوەی ڤیستیڤاڵەکە پێشانگایەکی کتێبیش لە کتێبخانەی گشتی کرایەوە.. ڤیستیڤاڵەکە لەرۆژی یەکەمیدا بۆ شیعر چەندین دەقی تیا خوێندرایەوە رۆژی ١١/٢٢/ تەرخانکران بۆ خوێندنەوەی چەندین دەقی چیرۆكو رۆژی ١١/٢٣ چەندین لێکۆڵینەوەی عەرەبی خوێنرایەوە، دوانیوەرۆی هەمان رۆژ دیدارو شیعرو چیرۆك سازدرا، ١١/٢٤ لە دیداری لێکۆڵینەوەدا چەند لێکۆڵینەوەیەك خوێنرایەوە کە تا ١١/٢٥ خایاند،



کۆتایی ڤیستیڤاڵەکەش بۆ سەفەرێك بۆ هەڵەبجەی شەهید و دابەشکردنی خەڵاتەکان تەرخانکراوە.

## کتێبێکی نوێی عەبدولرەقیب یوسف

کتێبی ناوازەی مامۆستای ناسراو ئاسەوارناسیو مێژوونووسی عەبدو رەقیب یوسفە، ئەم کتێبە گەورەیە پاش ئەوەی چاپی یەکەمی لە بازاڕدا نەما، بەرگی دووەمی چاپکرا، مامۆستا لەم کتێبەدا چەندین بەڵگەنامەو وێنەی بلاْکردۆتەوە، کە ناواخنی کتێبەکە دەوڵەمەنتر دەکات.



## خاڵۆ ئەواکس دەڵێ

* هەندێ لە پەرلەمانتارانی کورد یان بەشداری لە کۆبەنەوەکانی پەرلەمانی عێراقدا ناکەن، یا قروقەپ لێی دادەنیشن، دەترسن نەوەك عەرەبەکان لێیان توورەبن!

* وەزیرێك بە تەلەفۆن بە ژنەکەی گوتبوو: خەم مەخۆن جارێ لە پۆستەکەم دەمێنیمەوە چونکە بەم زووانە هەردوو ئیدارەکە تێکەلاْو ناکرێنەوە.

* هاولاْتی چەند کەرت کرابوو، نووسەران (هاولاْتی) شیان دووکەرت کرد. سەرنووسەری کۆن هاولاْتی نوێ دادەمەزرێنێو بۆخۆشی دەبێ بە سەرنووسەری، داواش دەکات کە رێکخراوە خێرخوازییەکان چیتر کۆمەکی هاولاْتی نەکەن و بە هاولاْتی نوێی بدەن !.

* بەرپرسی یەکێ لەو فۆتۆکۆپیانەی کە لە سەردەمی شەڕی براکوژیدا بۆ لایەنێکی رەسەن و تێکۆشەر دروستکراوە بە هاوکارێکی خۆی گوتبوو : وابزانم ئەمجارە هەڵماندەوەشێننەوە، چونکە بۆ ئەوانیش دەرکەوتووە کە ئێمە چەند نەفەرێکین و ناتوانین ببین بە جێگر بۆ حزبە رەسەنەکە، خۆزگە ئەو کارەم نەکردبایە و خۆم ریسوا نەکردایە.

* بەرپرسێك بەو مەرجە بە لادان لەسەر کارەکەی رازی بوو کە مووچەکەی وەك خۆی بمێنێ و رێگەشی بدەن ئازادانە هاتوچۆی هەندەران بکات و بازرگانی بکات !.

* بەرپرسێك لە خەویا لەسەر گەندەڵی دەگیرێ و زیندانی دەکرێ ، بەیانی ژنەکەی رەوانەی لای فالچی دەکات تا بزانێ چارەنووسی بە چی دەگات و چی بەسەر دێ !.

# مەنوچەهری ئاتەشی کۆچی دوایی کرد

مەنوچەهری ئاتەشی هونەری ناودارو وەرگێری ناسراوی ئێران رۆژی یەکشەممە ٢٠٠٥/١١/٢٠ لە نەخۆشخانەی سینا لەشاری تاران چاوەکانی لەیەکناو ماڵئاوایی یەکجارەکی کرد. ئەو مرۆڤە ساڵی ١٩٢١ لەدەهرودی دەشتستان لەدایك بوو. خوێندنی سەرەتای ناوەندی لەبوشەهر تەواوکرد. دواتر درێژەی بەخوێندن داو لەبەشی ئەدەبیات و زمانی ئینگلیزی بڕوانامەی وەرگرت و لەخوێندگەیەکی شاری قەزوین دا بوو بە مامۆستا. لەتەمەنی ٢٣ساڵیدا شیعرەکانی خۆی لەرۆژنامەکان بلاْو کردەوە، یەکەمین دیوانی شیعری لە ژێر ناوی (ئاوازێکی تر) لە ١٩٥٠ دا بلاْو کردەوە. دواتر بەرهەمەکانی (ئاوازی خاك، دیدار لە فەلەك، گەنم و گێلاس، جوانتر لە شێوەی کۆنی جیهان، ئەم سێوە چەند تەڵخە،...) چاپ و بلاْو کردەوە بەم شێوەیە منۆچەهری ئاتەشی وەك شاعیرێکی ناودار خۆی سەپاند. دواتر لەبواری وەرگێراندا شوێنپەنجەی خۆی بەدیار خست و چەندین بەرهەمی نایابی وەرگێڕایە سەر زمانی فارسی.



### نان و پێنووس

**سوێند بەنان و نەی**
**تا یەکەمیان لەنێوان دەمەکانی سەرگەردان دابەش بکەین،**
**بەدووەمیان تیغی ستیزمان لەگەڵ جیهان نائارام کرد.**
**یەکێ بوو، یەکێ نەبوو،**
**دوو خوشك بوون،**
**دوو دەمی سەرگەردان**
**دوو جەستەی لەرزۆك و ڕووت**
**لە بەرامبەر بای ساردی برسێتیدا**
**گەرمگەی ئەوان لێوانی تەندوور**
**یەکەمیان ئەمیر بوو، دووەمیان هەژارێك**
**یەکێ لەسەر سموور و**
**دووەم لەسەر لێوی تەندوور**
**سموورو تێری سۆزیان لەیەکەم ستاند،**
**یادەوەریش لەلای دووەم**
**بێ وەلاْم مایەوە.**

# رۆژ هەڵەبجەیی:

# کەی رۆح نەما لە جەستەدا، ئەو کاتە ئەتوانین بڵێین شیعریش نامێنێ

### دیداری: مەریوان

رۆژ هەڵەبجەیی، شاعیرێکی دیارو بەرچاوی گۆرەپانی شیعرستانو روناکبیری کوردیە، ئەم شاعیرە، سێ جار لە ڤیستیڤاڵی گەلاوێژدا خەلاْتی یەکەمو باشترین شاعیرانی بەشداربوونی ناو ڤیستیڤاڵی گەلاوێژی وەرگرتووە، رۆژ هەڵەبجەیی سێ دیوانی چاپکراوی هەیەو لە بۆتەی شیعردا قاڵ بووەو خۆی دورە پەرێز گرتووە لە ژانرەکانی تری ئەدەب، بە پێویستمان زانی کورتە دیدارێکی لەمەر بۆ چونە باوەکانی شیعری ئەمرۆ وەربگرین.

* رات بەرامبەر ئەو بۆ چوونە چیە کە ئەوترێ شیعر باوی نەماوە و خوێنەری نیە؟

رۆژ هەڵەبجەیی: هەمیشە شیعر خوێنەری خۆی هەیە، ئەوە قسەیەکی هەڵەیە، بڵێین شیعر خوێنەری نیە، شیعر شتێکی رۆحیە، کەی رۆح نەما لەجەستەدا ئەتوانین بڵێین ئیتر شیعریش نامێنێ، ئەمانە هەموو پروپاگەندەیە کە ئەڵێن شیعر چۆتە قەیرانەوە و شیعر باوی نەماوە، ئەمانە دیعایەی تەکنەلۆژیەکانە، قەت شیعر پیر نابێ، شیعر هەمیشە کچێکی جوانە، تەکنەلۆژیا ئەمرێ، بەلاْم شیعر هەر بە جوانی ئەمێنێتەوە، شیعر هەرجوانە، کوا نالی مردووە؟ مەحوی مردووە؟ گۆران مردووە؟ ئەوانە هەمیشە زیندوون،



لەبەر ئەوە ئەو رایە پروپاگەندەی ئەوانەن کە دژی شیعر ئەوەستنەوە، هەموومان قەرزاری شیعرین، کورد لەکۆنەوە هەتاکو ئێستا ئامادەگی شیعریی هەبووە، هیچیتری نەبووە؟

*بۆچی لە ڤیستیڤاڵی ئەمساڵ (گەلاوێژ) بیشداریت نەکرد؟

ـ رۆژهەڵەبجەیی: لەبەر ئەوەی ماوەکەی زۆر کەمبوو، لەبەر ئەوەبوو ، لە ڤیستیڤاڵی دهۆکدا بەشداریم کرد، دوای ئەوەش لە ڤیستیڤاڵی رۆشنبیریدا بەشداریم کرد هەر لە مانگی ٩ و نزیکەی ١٠ وە لە ڤیستیڤاڵی رۆشنبیریشدا یەکەم بووم تاوەکو ئێستا لە ڤیستیڤاڵەکاندا حەوت خەلاْتم هەیە، ئیتر مەجال نەمایەوە ببێتەهۆی ئەوەی من جارێکیتر بەشداریبکەم،لەلایەکی تریشەوە با دەرفەت بۆ لاوەکان برەخسێنین، با بۆ خەڵکی تر بێت و خەڵکیتر بێتە پێشەوە.

*ئاستی ڤیستیڤاڵەکە چۆن دەبینی؟

ـــ رۆژ هەڵەبجەیی: بە شێوەیەکی گشتی باشە، لە شیعردا وێنەی جوان هەبوو، ماردین ئیبراهیم، کوڕێکی هەندەرانی بوو شیعرەکەی زۆر جوان بوو.

* ئایا ئەتوانین تازەترین شیعری خۆتمان بۆ بخوێنیتەوە؟

ـــ رۆژهەڵەبجەیی: ئەم شیعرە بۆ ئەو کەسانەیە کە قەڵەم بە دەستن، شیعر یان رۆمان یان چیرۆك ئەنووسن، من لەبەر ئەو ماندوو بوونەیان کە زۆر ماندوو ئەبنو جگەرە ئەکێشن ئەوا ئەم پۆستەرەیان پێشکەش دەکەم:

**هێلکەی دوکەڵ**
**دەمباتەوە**
**بۆ بەهەشتێ لە ئاگر و**
**بە نێرگزیەتی موراجعە**
**دەکەم**
**غیرەتی دەپێچی لە**
**سوچی سیگارێكو**
**دوکەڵێك دروستدەکات لە**
**بەژنی ژن.**




جەبار سابیر

### ئاپرۆنی

## کاتێك دیموکراسییەت بەدارشەق دەڕوات

دواجار رێپێوان و نارەزاییەکانی خەڵك هەردوو ئیدارەی هێنایە سەر ئەو بڕوایەی کەبڕیارێك دەرکەن تێیدا هەر جۆرە رێپێوانو نارەزاییو مانگرتنێك تارۆژی پازدەی یەکی ساڵی نوێ قەدەغەبکرێتو هەر کەسێکیش سەر پێچیکرد بەتابووری پێنجەمو شەشەموو تیرۆرستو خزمو عەقرەبای زەرقاوی سەیربیکرێتو دادگاییبکرێت. دەسەلاْتی کوردی دەیەوێ خەڵکی کورد تاهەتایە بەهەموو گەندەڵیو کەموو کوڕییەکانیان رازیبێتو وەك بێکەس دەڵێ بارە گوێزییان لێبنێن خرپەی نەیات، ئاخر خۆئەو خەڵکە هەر خەڵکە سادەو ساکارەکەی سەرەتای نەوەدەکان نییەو گۆڕاوەو چاوی کراوەتەوەو وەك چۆن ئێوە مۆبایلو ئینتەر نێتو سورەیاتان بەدەستەوەیەو سوودی لێوەردەگرن. ئاوهاش خەڵك ئەوشتانەی پێیەو ئینتەر نێتو سەتەلایت مێشکی ئەو خەڵکەی کردۆتەوە کەئێوە دەتانەوێ هەتاهەتایە مێشکی بەداخراوی بهێڵنەوە.

ئەم دوو دەسەلاْتەی ئێمە هەر میوانێکی بیانی دێتە کوردستان دەیبەنە جوانترین شوێنی ولاْتو شەو دوای ئەوەی باشترین خوارنو خواردنەوەی بۆ دابیندەکەن لەباشترین هۆتێلە گرانبەهاکانی مەملەکەت دەیخەوێننو لەکەناڵەکانیشیانەوە ریکلام بۆ دیموکراتییەتو ئارامیو خۆشگوزەرانی خەڵك دەکەنو میوانە رەزاسووکەکەشیان دێننەگوو لەرقی یەکتر فێری دەکەن کەبڵێت هەرێمی کوردستان دیموکراتیترین ناوچەی رۆژهەلاْتی ناوەڕاستە. کەچی لەبواری کرداریشدا وەك چۆن شۆفێرەتازە کارەکان بە پێنج تاقیکرنەوەی پراکتیتکی دەرناچن، ئاوهاش یەکێتیو پارتی بەدەتاقیکردنەوەی پراکتیکی دەرناچنو یەك تۆز بوار بەنارەزایی خەڵك نادەنو کەمنین ئەو رێپێوانو نارەزاییانەی کەدراونەتە بەرگوللە لەکوردستانی دیموکراتو ئارامدا.

هەمووومان دەزانین کە تورکیا چەندە دژی کوردەو ئیسرائیلیش چەندە دژی عەرەبە، کەچی ئەو دوو ولاْتە مامەڵەکردنیان لەگەڵ رێپێوانو شەڕە بەردی هەردوو نەتەوەی کوردو عەرەبدا مامەڵەیەکی تەواو دیموکراتیانەیە، ئەو وەختەی هەردوو ئیدارەی کوردی سەرگەرمی دانانی بەرنامەیەك بوون بۆ بەرگرتن لەهەر نارەزایو رێپێوانێکی خەڵك لەئەستەمبوولو شارەکانی تری تورکیا خەڵکی کورد بەبەرد پۆلیسی تورکی راودەناو ئاگری لەدەبابەکانیان بەردەداو حکومەتی تورکیش جۆرێك دەبابەی بەکارهێنا دژی ئەو براکوردانەی ئێمە کەلەبری گوللە تۆپ ئاوی دەهاویشت... جاتوخوا ئەوە دیموکراتییەتە یان ئەوەکەی لەمەڕ خۆمان. دەوڵەتی ئیسرائیل تیرۆرستەکانی حەماسو حزبوڵلا دەگرێو لەزیندانیان توند دەکات، ئەوان داوای قورئان دەکەن کاتێکیش پۆلیسە ئیسرائیلییەکان بۆیان دەبەن فرێی دەدەنە دەرەوەو دەڵێن ئەوە چاپی ئیسرائیلەو جولەکە دەستکاریکردووە. بۆیە بەناچاری دەوڵەتی ئیسرائیل دەچێت قورئانی چاپی قودسیان بۆ دابین دەکات.. من لێرەدا قسەکانم تەواو دەکەم بەلاْم خوێنەری بەڕێز هەندێك بیرکەرەوەو مەسەلەکان تاووتوێکە بزانە بۆچی ئەم دوو ئیدارەیەی ئێمە تا یەك مانگو نیویتر رێپێوانو نارەزایی خەڵکی قەدەغەکردووەو لێناگەڕێ خەڵك سوود لەو دیموکراسیو ئازادییەیان وەرگرێت کەلەلای بێگانەکان باسیدەکەنو لەمیدیا کانیانەوە پێمانی دەفرۆشنەوە.

ROJI GEL
Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK
Mob:07701398499 07301191497
پێگەی ئینتەرنێتی
www.rojigel.tk
www.rpk93.org
پۆستی ئەلیکترۆنی
rojigel@hotmail.com
rpk93@hotmail.com